# بۆ شێخ زانا و گروپەکەی بە ئاشکرا دادگا ناکرێن؟؟

هەندرێن حەمەدەمین




ئایا ئەو کارانەی کە شێخ زانا و گروپەکەی ئەنجامیاندا، تەنانەت تاوان بوون بەرانبەر بەو کەسانەی کە بەدەستی ئەم گروپە تیرۆرستە کوژران و گیانیان لەدەست دا؟؟ یان تاوان بوون بەرانبەر بە هەموو کۆمەلانی خەلکی کوردستان؟؟
دیارە لە سەرەتای ئاشکرا بوونی تاوانەکان هەر هەموومان بینیمان چۆن هەر یەک لەم تاوانبارانە ئەهێندرانە سەر کەنالەکانی تەلەفزیون و لێکۆلینەوەیان لەگەل ئەکرا و ئەو دیمەنە ترسناکانە پیشانی خەلک ئەدران کە خراپترین باری دەرونی بۆ هەر هەموو خەلکی کوردستان دروست کرد و تا ئاستێکی زۆریش لە میدیایەکانی تری جیهانیش رەنگی دایەوە و رویێکی شاردراوەی بوونی گرۆپی تیرۆرستی بەو ئاستە ترسناکە لەناو مللەتی کورد و لە سایەی دەسلاتی کوردی و بوونی کوردستانێکی ئازادا خرا روو.
دیارە من مەبەستم نیە ئەوە بخەمە بەرچاو کە کورد میللەتێکە جیا لە میللەتانیتر، بەوەی کە هیچ جۆرە شەرانگێزیەک لە ناو پێکهاتەکانی ئەو میللەتەدا نیە، بێگومان ئێمەش وەک میللەتانیتر بە تایبەت ئەو مللەتانەی کە بە سەدان سالە کەوتوونەتە ژێر رکێفی دەسەلاتە ئیسلامیە کۆنەپەرستەکان، ئیسلام کاریگەریێکی زۆری لەسەر فەرهەنگ و کەلتوری ئەو میللەتانە کردوە، بۆیە ناکرێ بلێین شێخ زانا و گروپەکەی کورد نین یان ئیسلام نین . بەلام ئەتوانم بلێم ئەوەی کە شێخ زانا و گروپەکەی کردیان جۆرە شێوازێکی نوێی تاوان بوو لە کوردستان، ئەوەش بە مانای ئەوە نیە کە لە کوردستان تاوانی گەورەترو ترسناکترو کوشندەتر نەبووە.
من ناگەرێمەوە سەر هەموو ئەو تاوانانەی کە لە کوردستان دژ بە خەلکی ئەنجامدراون، بەلام ناتوانم باس لە شەری نێوان پارتی یەکیەتی نەکەم، چونکە هەموومان باش ئەزانین کە ئەم شەرەی نێوان پارتی و یەکیەتی چەند زەرەری بە میللەتی کورد گەیاند تا ئەمرۆش کورد بە بەردەوامی باجی ئەم شەرە ئەدات و هەموو ئەو گروپ و دەستە و لایەنە تیرۆرست و خوێنرێژ و بۆگەن و گەندەلانەی کە ئەمرۆ لە کوردستان هەن لە دایکبووی ئەو شەرەی نێوان پارتی یەکیەتین، بەداخێکی زۆرەوە ئەوەی شەری پارتی یەکیەتی بەرهەمی هێنا ئێستا خۆیان [پارتی و یەکیەتی] بەر لە هەموو کەس بەدەستیەوە ئەنالێنن ، بۆیە من پێم وایە شێخ زانا و

گروپەکەی و هەموو دیاریدە دزێوەکانیتری گەندەلی و خراپەکاری یان لە مندالدانی شەڕی پارتی یەکیەتی لەدایک بوون یان لە زەمینەی ئەو شەڕە گەشەیان کرد و پەرەیان سەند .
دیارە هەمووومان زانیمان کە گروپێکی تیرۆرستی سەر بە شێخ زانا کۆمەلێک تاوانی زۆر دڕندانەیان ئەنجامدا و دوایی گیران و ئێستاش دادگا کراون و سزای سێدارەیان بۆ بڕاوەتەوە .
بەلام تا ئێستا کەس بە روونی نەیزانی ئەم شێخ زانایە و گروپەکەی لە کوێ هاتن !!!!!!!!!!!!!!
کێ ئەمانەی دروستکرد و یارمەتیدەر و زەمینە خۆشکەریان بوون، تا بتوانن بۆ ماوەیەکی ئاوا دوور و درێژ کەس بە دەستی خوێناویان نەزانێ؟؟؟
ئایا هەر شێخ زانا و ئەو چەند کەسەی کە لەگەلیا گیراون تاوانبارن بەرانبەر بەو تیرۆرەی کە لەلایەک دەیان کەس بە گیان بوونە قوربانی و لەلایەکیتر بوونە مایەی تۆقاندنی ملیۆنان کەس، تیرۆر {ئیرهاب} هەر تەنیا کوشتنی کەس ناگەیەنێ بەلکو تاوانێکە کە بە کوشتنی کەسانێک خەلکانێکی زۆر زۆرتر ئەترسێنێن و ئەتۆقێنێن، بەم شێوەیە نەوەک هەر تەنها کەس و کاری کوژراوەکان مافی چۆنیەتی دادگایی کردن و سزادانی ئەم تاوانبارانەیان هەیە بەلکو هەموو خەلکی کوردستان ئەم مافەیان هەیە،
من نازانم بۆ دیمەنە ترسناکاکانی تاوانی ئەم تاوانبارانە پیشانی خەلک دران، بەلام دادگاییەکەیان دوور لە هەموو دام و دەزگاکانی راگەیاندن بوو؟؟؟؟؟؟
بۆ ناکرێت دادگای کوردستان ئەم جۆرە دادگایانە بە ئاشکرا و رونی لەبەر چاوی هەموو میدیایەکان بکات، بەتایبەت میدیایەکانی کوردستان!!!؟؟؟ بۆ خەلک راستەوخۆ ئاگاداری ئەو دادپەروەریە نەبێت کە دادگای کوردستان پەیڕەوی ئەکات!!؟؟ دادگای کوردستان ئەگەر راست ئەکات سەربەخۆیە بۆ کارەکانی خۆی بە ئاشکرا ناکات و ئەم جۆرە تاوانانە کە دەرهەق بە هەموو خەلک کراون نایخاتە بەرچوای هەموو خەلک!!!؟؟؟
دادگایی کردنی ئەم جۆرە تاوانبارانە و دەرکردنی هەرجۆرە سزایەک بۆیان لە دادگایەکی داخراو و نێهێنیدا، گومانێکی زۆرتر لەلای خەلک بەجێ دەهێلێت و ترسی ئەوە لەلای خەلک درووست ئەکات کە لەلایەن دەسەلات نەتواندرابێت ریشەی ئەم تاوانبارانە لەبنیەوە هەلبکێشرێت، بۆیە خەلک لە بارێکی دەرونی نائاسایی بەردەوام ئەگەری بوونی پاشماوەی ئەم گروپەی هەیە، یان ترس لەوە ئەکەن کە بتواندرێت گروپی لەم شێوەیە دروستبکرێنەوە.
ئایا دەسەلات و دادگا ئەیانەوێت خەلک لەمترسیەدا بژێ؟؟؟ بۆ؟؟؟؟ یان ئەیانەوێت خەلک تەواو دلنیا بکەن و ئەوەیان پیشان بدەن کە ئەو تاوانانەی بەرانبەر بە خەلک ئەکرێن، دادگای تاوانبارانیش لەبەر چاوی خەلک ئەکرێت و خەلک هەست بە نەبوونی دیواری نێوان خۆی و دەسەلات و دادگا بکات ؟؟؟ ئەبێ بەراشکاوی ئەوە بلێین کە جگە لە دەسەلاتە دکتاتۆریەکان هیچ دەسەلاتێکیتر نیە ئارەزووی ترساندن و ناهەمواری باری دەرونی کۆمەل بکات، هەموو دەسەلاتێکی دیمکراسی هەولی ئەوە ئەدات کە پەیوەندی بەخەلک رون و ئاشکرا و دیار بێت ئەکەوێتە روخاندنی هەموو ئەو دیوارانەی کە خەلک و دەسەلات لەیەکتر دائەبڕن.
پێویست بوو ئەو دادگایەی شێخ زانا و گروپەکەی بە ئاشکرا بکرابوایە بۆ ئەوەی خەلک راستەوخۆ دەنگی پڕ دادی دادوەری بیستایە و شەرمەزاری و دزێوی و رسوایی تاوانبارابنی راستەوخۆ بدیتایە.
من ئێستاش زۆر بە پێویستی ئەزانم کە بەر لە جێبەجێ کردنی سزای سێدارە چاوپێکەوتنی رۆژنامەکان و کەنالەکانی تەلەفزیۆنی و رادیۆکان لەسەر ئاستی ناوەخۆیی و دەرەوە لەگەل ئەم تاوانبارانە بکرێت و بۆ خەلکی کوردستان و دەرەوەی کوردستان راستیەکان بخرێنە روو و پەردە لەسەر هەموو ئەو شاردراوانە هەلبدرێتەوە کە تەواوی خەلک لێی بێ ئاگایە، بەمەش ترس و دلەڕاوکێ و گومان لەناو خەلک تەواو کەم ئەبێتەوە و ئەم تاوانبارانە ئەکرێن بە پەند بۆ هەموو ئەو عەقلیاتانەی کە وەک خۆیانن.
لە هەمان کاتدا هیچ نەیارێک ناتوانێ نە دەسەلات نە دادگا بەوە تۆمەتبار بکات کە بلێن سزای سێدارە بۆ ئەم گروپە بە مەبەستی شاردنەوەی ئەو راستیانەن کە دەسەلات نایەوێ خەلک بیزانێت، هەروەک چۆن کۆمەلێک ووتار لەلایەن کەسانێک نووسران بەوەی کە بەشێکی دەسەلات دەستی هەبووە لەگەل ئەم گروپە یان کەسانێک بە ناوی دانپیانان چەندین شتیان لەو بارەوە بلاوکردەوە کە گوایە خەلکانێک هەن لە ناو دەسەلات دەستیان لەم کارانە هەبووە یان لێی بێدەنگ بوونە لەناو خەلکیش تا ئاستێکی زۆر باوڕ بەم قسانە کراوە، چونکە

وەک وتمان ئەم گروپە ماوەیەکی درێژ کاریان کردوە و تاوانەکانیان جۆراوجۆر بوونە و لە شوێنی جیا و بەبەردەوامی بووە، ئەوەش بۆ خەلک جێگای پرسیار و سەرسوڕمانە .

منیش لە دەسەلات ئەپرسم بۆ خەلک لەناو گومان و پرسیار و سەرسوڕمان ئەهەیلنەوە ؟؟؟ لە راستیدا ئەبێ ئەوە بزانین کە ئەم جۆرە بەڕێوەبردنەی دادگا لە بەرژەوەندی دەسەلات نیە، بەلکو لە بەرژەوەندی کەسانێکی گومان لێکراوی ناو دەسەلاتە، کە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان لە سەروی هەموو بەرژەوەندیەکانە، وە ئەبێ ئەوەش بزانین کە زەرەرمەنترین لایەن میللەتە.

هەر دەسەلاتێکیش بۆ بەرژەوەندی میللەت کار نەکات و خۆی چەواشەبکات بەو دەستە گلاوانەی کە بەردەوام لە ترساندن و تۆقاندن و فریودانی خەلک دان، ئەوە ئەو دەسەلاتە تەمەنی هەرچەند درێژ بێت رۆژێک دادێ ئەکەوێتە بەر نەفرەتی میللەت، ئەو کات مێژوو بەزەیی بەکەس ناکات............

٤ی٤ی٢٠٠٦